# به بەهانەی ئازادکردنی دوو دیل کۆمەڵگایەك خاپور دەکەن!

# دەربارەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان

**رێبوار ئەحمەد**

چەند هەفتەیە دەولەتی فاشیستی ئیسرائیل بە بەهانەی ئازادکردنی دوو سەربازی دیلی خۆی کە لەلایەن حیزب اللەوە دەستگیرکراون، کۆمەلگایەکی چەند ملیونی داوەتە بەر پەلاماری تانك‌و تۆپ‌و صاروخ. چ ریاکایەکی ریسواو چ وەحشیگەریەکە، کە گوایە بۆ ئازادکردنی دوو سەربازی دیل، سەدان کەس لە هاولاتیانی مەدەنی‌و بیگوناح قەتلوعام بکرین، سەدان هەزارکەس ئاوارەو دەربەدەر بکرین، قوتابخانەو نەخۆشخانەو ئاوو کارەباو هەرچی خزمەتگوزاری‌و پیداویستیەکانی ژیانی رۆژانە هەیە ویران‌و خاپور بکرین، کۆمەلگایەك بە تەواوی لەبەردەم پرۆسەی هەلوەشان‌و ویرانیدا قەرادراوە. ئەگەر بریاربیت بۆ ئازادکردنی هەر دوو دیلیك ئەم بەربەریەت‌و کوشتارو جەنگ‌و مالویرانیە بەرپابکریت، ئەگەر بریاربیت لە بەرامبەر دەستگیرکردنی هەردوو کەسیکدا ئەم بکوژوببرە بەریببخریت، ئەوکات دەبیت سەراسەری ئەم گۆی زەویە لە ئاگری جەنگ‌و گۆماوی خویندا نوقم بیت. دەبی هەمو رۆژیك لە هەموو گۆشەیەکی دنیاوە پەلاماری دەولەتی ئیسرائیل‌و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان بدریت.

بەلام ئەمە قاعیدەو قانونیك نیە کە جیهان لەسەری بروات، بەلکو ئەمە نەهیشتنەوەی هیچ قاعیدەو قانونیکە کە ئەمریکا بە ملهوری خۆی دەیەوێ بەسەر دنیادا فەرزی بکات. ئەمریکاو دەولەتانی گوی لە مشتی ئەو، بە هەرچواردەوری خۆیاندا هەرەشەو جەنگ‌و بۆمب‌و باروت دەبەخشیننەوە، لەسەراسەری دنیادا گەورەترین سەرچاوەی نا ئەمنی‌و کوشتارو بەرهەمهینان‌و دەمەزەردکردنەوەی تیرۆرو تیرۆریزمن، هەموو ئەم وەحشیگەریانەش بە بەهانەی ئەمنی قەومی ئەمریکاو دەولەتانی ملهورو کۆنەپەرستی هاوپەیمانی، یان بە بەهانەی لابردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی جیهانی بەریوەدەبریت. ئەگەر تەنانەت پروپاگەندە پوچ‌و ریسواکانی خۆیان‌و دەزگای پروپاگەندەی نۆکەریان بە جدی وەربگیریت، ئەگەر ئەمنی قەومی دەولەتیك یەکسان بیت بە تیکدانی ئاسایش لە سەراسەری دنیادا، ئەگەر ئەمنی قەومی دەولەتیك پیویستی بە جەنگ‌و ملهوری‌و پەلاماری بەردەوام‌و هەموو رۆژەبیت، ئیتر ئەمانە بەلگەی ئەوەن کە ئەو ئەمنی قەومیەی ئەمریکا یەکسانە بە نا ئەمنی بۆ هەموو دنیا. لە راستیدا ئەمە دروست ناوەرۆکی ستراتیژی ئەمریکاو دەستەی فەرمانرەوای ئەو وولاتەیە. کەوایە دەبی هەموو جیهان‌و بەشەریەتی ئازادیخواز بۆ خۆرزگارکردنی لەشەری ئەم دەولەتەو گویلەمشتەکانی هەموو توانای خۆی بەگەربخات.

ئەمریکا کە لە پیناو داسەپاندنی نەزمی بالادەستی یەکلایەنەی خۆی بەسەر دنیادا، بەردەوام دەستی پر لە هەرەشەیە، بە بەهانەی پوچی خەتەری چەکی کۆکوژ خەلکی عیراقی کۆکوژکردو کۆمەلگایەکی 25 ملیونی لە خوینهەلکیشاوە، بە هەمان بەهانە هەرەشەی جەنگیکی ویرانکەری لەسەر کۆمەلگای ئیران راگرتوە. دەیان سالە راستەوخۆ لە پشتی فاشیزم‌و بەربەریەتی دەولەتی ئیسرائیل دژی خەلکی فەلەستین راوەستاوە، ئیستاش لە کاتیکدا کە دەولەتی ئیسرائیل بە کردەوە خەریکی کۆمەلکوژی خەلکی فەلەستین‌و لوبنانەو ئەمریکاش راستەوخۆ پشتیوانی لەم کاولکاری‌و کوشت‌وکوشتارە فراوانە دەکات، کەچی لەولاوە بەپێی مەرام‌و ئامانجە حەقیرانەکانی خۆی، لەسەر دوو موشەکی ئاسمانی کۆریای شیمالی گەورەترین هەرا ساز دەکات‌و دەیەوی وەکو خەتەری هەرە گەورە لەسەر ئاسایشی جیهان نیشانیبدات.

ئەوەی ئیستا بە پیش چاوی خەلکی دنیاوە نمایش دەکریت، گۆشەیەکی بچوکە لە دنیایەك کە ئەمریکا تیایدا بالادەست بیت. هیشتا ئەم مەرامەی ئەمریکا بەدەست نەهاتووە، هیشتا بە هەموو جەنگ‌و کوشتارو کاولکاریەکانیەوە، نەیتوانیوە دەسەلاتی یەکلانەی خۆی بەسەر دنیادا بسەپینێ‌و هیشتا نەزمی جیگامەبەستی خۆی نەچەسپاندوە. بەلام بە چنگ‌و ددان بۆ ئەم مەبەستە تەقەلا دەکات. لیرەوە دەکریت پیشبینی ئەوە بکەین لە دنیایەکدا کە دەولەتی ئەمریکا تیایدا دەسەلاتی تاقانە بیت‌و نەزمی جیگامەبەستی خۆی چەسپاندبیت، چ کارەسات‌و بەربەریەتیك بال بەسەر دنیادا دەکیشت. کۆندولیزای خانمی وەزیری خارجی ئەمریکا، ئەم کارەساتە خویناویەی لوبنانی بە "ژانی لە دایکبونیکی نوێ بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست"! ناودەبات. ئەگەر ئەم ئارەزوەی کۆندۆلیزا بەدیبیت، ئەو ژیانە نوێیەی لە رەحمی ستراتیژی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست بیتەدەرەوە، ئەم ناوچەیە دەگیریتەوە بۆ سەردەمی هۆلاکۆو جەنگیزخان. هەر ئەم سیاسەتەش لە پشتی هیرشەکانی ئیستای ئیسرائیل بۆ سەر لوبنانەوە راوەستاوە. کارکردی حزب اللەو دوو سەربازە دیلەکەش، تەنها بەهانەن بۆ بردنەپیشی سیاسەتیکی فاشیانە کە لەوەپیش داریژراوە. هەر لیرەوە ماهیەتی هەموو ئەو هیزو بزوتنەوەو دەولەتانەش بە تەواوی رۆشندەبیتەوە کە بەهەربەهانەو لەژیر هەر پروپاگەندەو پەردەیەکدا بیت، ئامانج‌و ستراتیژی خۆیان بەم

دەوڵەتەوە گرێداوەتەوەو خۆشخزمەتی پێشکەش بە چونەپێشی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکەن. لەوانەش حکومەتی ئیفلیجی ئیستای عیراقو هێزە قەومیو دینەکانی سەر ئەم ساحەیە.

بەلام پەلاماری درندانەی ئیسرائیل بە پشتیوانی هەمەلایەنەی ئەمریکا بۆسەر خەلکی لوبنان، جاریکی تریش "کۆمەلگای نیونەتەوەیی" و ئەنجومەنی ئاسایشی ریسواکردەوە، نیشانیدایەوە کە ئەمانە جگە لە ئامرازی دەستی سیاسەتەکانی ئەمریکاو دانی پەنجەمور لە نەخشەو پاساوەکانی هیچی ترنین. ئەنجومەنی ئاسایش بەو هەموو فروفیشالەوە کە میشکی خەلکی جیهانی پیدەکوتیتەوە، رۆژی چوارشەمەی رابردوو، کۆنفرانسی نمایشی خۆی لە بارەی وەزعی تازەی لوبنانەوە بەرپاکرد، بەبێ ئەوەی بەرامبەر ئەم هەموو بەربەریەتو کوشتو کوشتارو ویرانکاریو کۆمەلکوژیەی دەولەتی ئیسرائیل هیچ هەلویستیك بگریت، یان لانی کەم ئیسرائیل ناچار بە راگراتنی هیرشەکانی بکات. میدیاکانو لایەنەکانی بەشدار دانیان بەوەدا ناوە لەبەر ئەوەی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە ئیسرائیل دژی راگرتنی هیرەشەکان بووە، کۆنفرانس بە هیچ ئەنجامیك نەگەیشتووە. بەم جۆرە ئەنجامیك کە ئیسرائیل لەم کۆنفرانسەی وەرگرت هەر ئەوەیە کە هەست بە مەغروریو دەستئاوەلای زیاتربکات. ئەنجومەنی ئاسایش تەنانەت بە هەزار ئەماو ئەگەر تازە گەیشتوون بەو بریارەی کە بۆردومانی بارەگای خۆیان لە لوبنانو کوشتنی چوارکەس لە ئاکامی ئەم بۆردومانانەدا، مەحکوم بکەن.

کاتیك ئەم بێهەلویستیەی "کۆمەلگای نیودەولەتی"و ئەنجومەنی ئاسایش، بۆ نمونە لە هاوشانی بریارەکانی بۆ داسەپاندنی حصاری ئابوریو برسیتی بەسەر خەلکی عیراقدا بۆ بەرگری لە دەسەلاتی گەندەلی شیخەکانی کویتەوە دابنریت، کاتیك ئەم بێهەلویستیە لە پال دەیان بریاری ترەوە دابنریت کە بە بەهانەی پروپوچ بۆ جەنگو کوشتوکوشتار لە دژی هیزو دەولەتیك کە ناکۆکیەکی لەگەل ئەمریکاو غەربی هاوپەیمانی هەبیت، دەرکەویت کە چۆن تاقە ئستانداردی ئیستای دنیا، ویستو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو دەسەلاتی سەرمایەیە.

تا ئەو جیگایەی بە دەوری تیرۆریزمی ئیسلامیو حیزب اللەو حەماس دەگەریتەوە لە خولقاندنی ئەم کارەساتە تازەیەی کە بۆ خەلکی لوبنانو فەلەستین بەرپاکراوە. مسئولیەتی ئەم تاوانکاریە بە تەواویو راستەوخۆ دەولەتی فاشیستی ئیسرائیلەو ئەمریکاش راستەوخۆ لە پشتی ئەم تاوانکاریە راوەستاوە. بەلام حەماسو حزب اللەو گشت ئیسلامی سیاسی، کە هەمیشە جەماوەری خەلکی ستەمدیدە بە خۆراكو سوتەمەنی کیشمەکیشەکانی خۆیان دەزانن و دەیانکەن بە قوربانی، ئەوان دروست هەر ئەوکارەیان دەویت کە ئیسرائیلو ئەمریکا دەیکەن. خیری دەستگیرکردنی دوو سەربازی ئیسرائیلی بۆ حیزب اللە هەر ئەوەیە کە ئسرائیل کە جەماوەری خەلك بکاتە نیشانە بۆ پەلامارەکانی خۆی، تا بەم جۆرە هەم بەزۆر پال بەم جەماوەرەوە بنریت بۆ ژیر بالی حیزب اللەو هەم مەیدانیکی تازە بکریتەوە بۆ ئەوەی حزب اللە لە بەرامبەر ئیسرائیلدا وەکو قارەمانی بەرگری لە خەلکی لوبنان خۆی نیشانبدات. دەیان سالە ئەم سیناریۆیە دووبارە دەبیتەوە، هەموو هیرشو پەلاماریکی ئیسرائیل بۆسەر خەلکی لوبنانو فەلەستین، ئیسلامی سیاسی بەهیزدەکاتو دەوری قارەمانی پیدەبەخشێ، تیرۆریزمو فاشیزمی ئسرائیل، تیرۆریزمو فاشیزمی ئیسلامی زەمینەدارو بەهیزدەکات. قوربانی ئەم سیناریۆیەش هەمیشە هەر جەماوەری خەلکی مەحرومە.

وەزعی ئیستای دنیا بە گشتیو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بە تایبەتی، باجی نەبونی قوتبیکی بەهیزی چەپو کۆمۆنیستو رادیکال دەدات. دەیان سالە سەرجەم بزووتنەوە بۆرژوازیەکانو سەرجەم جەمسەرەکانی دنیای ئیستا، بەرامبەر کیشەو گرفتە قولو ئالۆزەکانی ئەم ناوچەیە، ئیمتحانی خۆیانداوە. سەرجەمیان جگە لە قولکردنەوەی کیشەکان، جگە لە بە قوربانیکردنی خەلكو ئاواتو ئامانجەکانیان، جگە لە ناکۆکی قولیان لەگەل مافو ئارەزوەکانی خەلکی ستەمدیدەی ناوچەکە، هیچی تر لە هەگبەیاندا نەبووە. وەزعی ئیستا بە دەنگی بەرز بانگەواز بۆ هاتنەمەیدانی چینی کریکارو چەپو کۆمۆنیزم دەکات بۆ ئەوەی لە رکیفی ئەو بزووتنەوەو هیزو دەولەتە کۆنەپەرستانە رزگاری بکات. ئایندەیەکی باشتر بۆ ناوچەکە لە گرەوی شکلگرتنی ئەم بەدیلەدایە.